# کۆمەڵگا پێویستی بە هێزێکی ڕزگاریبەخش هەیە و جگە لە کۆمۆنیزم هیچ بەدیلێکی تر ئەم پەیامەی پێ‌نیە

**ووتەی کۆتایی کۆنگرە لەلایەن ریبوار ئەحمەدەوە**

هاورییان! لیرەدا کۆنگرەکەمان بە سەرکەوتویی کۆتایی هات، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لیدەکەم.

کۆنگرە خۆی لە خویدا رووداویکی سیاسی گرنگ بوو لە حەیاتی سیاسی حیزبدا، بە تایبەتیش وەکو کۆنگرەی حیزبیکی کۆمۆنیستی کریکاری و لە دلی هەلومەرجیکی سیاسی حەساسی وەکو ئیستادا، هەم لە رووی سیاسیو کۆمەلایەتی و هەم لە رووی وەزعیەت و حەیاتی حیزبی ئیمەوە، گرنگیەکەی چەند بەرابەرە.

ماوەی ٣ رۆژە ریزیك لە ئینسانی کۆمۆنیست و مارکسیست، ریزیك لە هەلسوراوانی حیکمەتیست، لە دەوری یەکتر کۆبوینەتەوەو لەسەر مەسائیلی جۆراوجۆرو کیشەو گرفتە گەورەکانی ئەم کۆمەلگایەو مەهامەکانی کۆمۆنیزم و ئەرکەکانی خۆمان و چۆنیەتی تەبدیلبون بە هیزیك کە کۆمەلگا لەم زەلکاو و تارکیستانە رزگار بکات، قسەو باس دەکەین. لەم بارەیەوە جەدەلی جدیمان کرد، بیرورامان لەگەل یەکتر گۆریەوە، هەولماندا خۆمان یەکدەست بکەین و لەم بارەیەوە هەنگاوی گەورەمان هەلهینا. لەسەر ئەو مەسەلانەی قسەمان لەسەر کردن، پیمان لەسەر خالی زۆر گرنگ و دیاریکراو داگرت و ئەولەویەتەکانی خۆمان بە وردی دیاری کرد. لەوانە بە تایبەتی تەئکید لەسەر بەهیزکردنو پاراستنی حیزب و یەکیتی ریزەکانیو بیناکردنی حیزب کرایەوە. لەم بارەیەوە ئەگەر ئەو بەلگەو دەلیلانەی خرانەروو، جۆراوجۆرو لەگەل یەك جیاوازیشیان هەبیت، هەموو لەسەر ئەوە هاورابووین، کە وەزعی حیزب پیویستی بە ئالوگۆری جدی هەیە. لە رابەریەوە تا تەشکیلات، تا پتەوکردنی حیزبیەت و چەسپاندنی سونەتە حیزبیەکان و توندوتۆلکردنەوەی ریزەکانمان، تا پرۆژە جۆراوجۆرەکانی حیزب... تا پەرەپیدانی ئەفکاری مارکسیستی و حیکمەتیستی لە ئاستی کۆمەلگاو بردنەسەرەوەی هوشیاری مارکسیستی لە ریزی بزووتنەوەکەشماندا... هەموو تەئکیدی جدیان لەسەر کراو هەمووشیان کاری جدی لە ئیمە دەخوازن و دەبی نەخشەمەندانە بەرەو روویان بروین.

ئەوە رۆشنە کە کاری سەختمان لەبەردەمە، بەلام ئەگەر بمانەوێ دەتوانین ئەو کارە سەختانە ئەنجامبدەین. لەم بارەیەوە کۆنگرە تەرکیزی لەسەر ئەوە کرد کە پیش هەر شتیك، بەرەوپیشەوەچونمان لە گرەوی ئەوەدایە کە رابەری بە ئامادەیی پیویستەوە بچیتە پای ئەو ئەرك و مسئولیەتانەی خراوەتە ئەستۆی. رابەری دەتوانی زامنی ئەوە بیت کە ئەو کارە سەختانەی کەوتوەتە ئەستۆی حیزب برواتە پیشەوەو بە سەرئەنجام بگات. مەبەستی کۆنگرەش لە رابەری بە دیاریکراوی کۆمیتەی ناوەندیەکە کە خودی کۆنگرە هەلیبژاردووە. بەر لە هەموو، ئەوە کۆمیتەی ناوەندییە ئەگەر باش کار بکات دەتوانی حیزب بەرەوپیش بەریت و کۆنگرەش لەم بارەیەوە جهەتگیری رۆشنی هەبوو و بریاری گرنگیدا.

لە هەنگاوی دووەمیشدا ئەمە مسئولیەتی کادرانی حیزبە. بە تایبەتی مسئولیەتی ئەم ریزە فراوانە لە کادری حیزبە کە وەکو نوینەرانی ریکخراوەکانی حیزب بۆ ئەم کۆنگرەیە لیرە دانیشتوون و خۆیان دەورو بەشداری راستەوخۆو چالاکانەیان بوو لە سەر دیاریکردنی خەتی سیاسیو ئەولەویەتەکان و پەسەندکردنی بریارەکانی کۆنگرە. کە وایە بە هەمان رادەش چاوەروانی ئەوەیان لیدەکریت و مسئولیەتی ئەوەیان لەسەر شانە کە لە بە ئەنجام گەیاندنیاندا دوبارە دەورو بەشداری راستەوخۆو پیشرەوانەیان هەبیت.

هاوریيان!

هەمووان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە ئیمکانی گەورەبونمان هەیە. هەموو تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن کە دەکریت ریزی خۆمان گەورەتر بکەینەوە، دەکریت ریزی بەرینی کریکاران و ئازادیخوازان لە دەوری حیزب کۆبکەینەوە، کۆمەلگا پیویستی بە بەدیلیکی کۆمۆنیست هەیە و حیزبی ئیمە دەتوانی و دەبی ئەو بەدیلە بیت. کەوایە با هەموو تواناو ئیرادەی خۆمان لەم پیناوەداو بەم ئاراستەیەدا بەگەربخەین.

کۆنگرە لەگەل پیداگری توندی لەسەر بەهیزکردنی حیزب و پتەوکردنی ریزەکانیو تەبدیلکردنی بە میحوەری سەرەکی و یەکانگیرکردنی سەرجەم کارو پرۆژەو مەیدانەکانی هەلسوران کرد، لە هەمان کاتدا تەئکیدی لەسەر گرنگی زۆری پرۆژە جۆراوجۆرەکانی دیکەشمان کردەوە، لەوانە کۆنگرەی ئازادی عیراق، یەکیتی شوراو نەقابە کریکاریەکان، ریکخراوی ئازادی ژنان...هەموو ئەوانە بۆ ئیمە، بۆ کۆمۆنیستەکان گرنگن، دەبی هەولی خۆمان بدەین بۆ بەهیزکردنیان، بۆ مەحکەم کردنو یەکگرتووکردنی ریزەکانیان، بۆ بەهیزکردنی دەوریان لە کۆمەلگادا.

کۆنگرە پیداگری لەسەر ئەوە کرد کە پیویستە دەخالەتی ساسی حیزب لە مەیدانی سیاسیدا پەرەبگریت، دەخالەتیکی چالاك بکات لە کیشمەکیشە سیاسیو کۆمەیەتیەکاندا، بەرامبەر جەنگو داگیرکاری و تیرۆریزم و شەرو کیشەی تائیفیو قەومپەرستیو دەسەلاتی داسەپاوی ئیستا سەنگەر لیبدات و بەرگری لە خواستو ئامانجەکانی کریکاران و جەماوەری ستەمیدە بکات، تەئکیدی کرد لەسەر پیویستی وەستانەوە بەرامبەر سیناریۆیەکی تەلخ و تاریك کە بالی بەسەر کۆمەلگادا کیشاوە. تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرامبەر هەموو ئەمانە سیاسەت و تاکتیکی کارا بخاتەروو و جەماوەری کریکارو خەلکی ئازادیخواز لە دەوریان سازو یەکگرتوو بکات.

هەموو ئەو جەدەل و باسانەی لەم کۆنگرەیەدا کران، ئیمەی لەسەر ئەم ئەرك و ئەولەویەت و خەتە سیاسیە یەکدەستتر کردەوە، ئەگەر هەموو ئەمانە جیگای خۆیان بەباشی بگرن، دەتوانن کۆمەکی گەورە بکەن بەوەی لەو مەسارەدا بە کردەوە ببچینەپیشەوە.

ئومیدم ئەوەیە کە هەموان بە مسئولیەتیکی بالاوە، بە ئیرادەیەکی بەهیزەوە، بە دەوری خۆمان هەستین و حیزب لەم مەوقعیەتەی ئیستایەوە بەرینە ئاستیکی بەرزی ئەوتۆ کە بتوانی بە وینەی بەدیلی رزگاریبەخشی کۆمەلگا دەربکەویت و بەرەو تەبدیلکردنی بە حیزبیکی سیاسی بەهیزو ئالوگۆربەخش، تەکانی گەورەی پیبدەین.

ئەوەی کە دەتوانی ئومیدی ئیمە بەهیزتر بکات، لە پیشدا ئەوەیە کە بەهیزبونی حیزب و تەبدیلبونی بە حیزبیکی سیاسی بەتوانا، پیویستیەکی کۆمەلایەتییە، مەسەلەیەکی پەیوەستە بە وەلامدانەوەی پیویستیەکی ئەم کۆمەلگایە، نەك بە تەنها ئارەزوویەکی تایبەتی ئیمەو ئەوانەی لە ریزەکانی ئەم حیزبەدا کۆبونەتەوە. کۆمەلگا پیویستی بە هیزیکی ئالوگۆربەخش و رزگاریبەخش هەیە. جگە لە کۆمۆنیزم و حیزبی ئیمە هیچ هیزیکی دیکە ئەم پەیامەی پێ‌نیە بۆ کۆمەلگا.

بە هیوای سەرکەوتن و دەستپیکردنی دەورەیەکی تر لە بەهیزکردنی حیزب و دەستەویەخبوون لەگەل کیشەکانی کۆمەلگادا.



# هەڵومەرجی بێکاری و گرانی بۆ کرێکاران

## چاوپێکەوتن لەگەڵ وەستا حسێن

**نوری بەشیر:** لەئێستادا کێشەی کرێکاران لەکوردستان چی یە؟ لەکاتێکدا بێئاوو کارەبایی سوتەمەنی یەخەی بەسەرجەم کۆمەڵگا گرتووە؟

**وەستا حسێن:** دەبێ بڵێم کێشەی کرێکاران لەکوردستان گەلێک زۆرە، بەدرێژایی ١٧ساڵی ڕابردوو بەجۆرێک بووە تا ئێستاش شتێکی وا لەژیانی کرێکاران نەگۆڕاوە، کێشەی بێکاری ڕۆژانە ڕوو لەسەرە، کرێ و هەقدەست ڕوو لەخوارە، سەعات کار زیادی کردووە. نائەمنی شوێنی کار زیادی کردووە، بێ مەسکەنی واتە بێ خانەو لانەیی خەڵک بەگشتی، وە نەبوونی قانوون کارێکی کرێکاری بەرچاوە کەبەربگرێ بەم نەهامەتیانە، وە هەروەها نەبوونی تەواوی پێداویستی ڕۆژانەی خەڵک لەئاو، کارەبا، سووتەمەنی ئەوەندەی تر باری ژیانی خەڵکی قورستر کردووە.

**نوری بەشیر:** لەبەرانبەر گرانیدا نارەزایەتیەکی زۆر هەیە، لەم ڕووەوە نارەزایەتیەکانی ناو کرێکاران تا چ ئاستێکە، وە چەندە کرێکاران لەشوێنی کارو ژیانیاندا لەو نارەزایەتیانەدا حزوریان هەیە؟

**وەستا حسێن:** گرانیەکی سەرسوورهێنەر ئەمرۆ سەرتاسەری کوردستانی داگیرکردووە، ژیانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی تاڵکردووە لەگرانی خۆراک، جلوبەرگ، بەرزی کرێی خانوو و سووتەمەنی، هەموو ئەمانە بۆ خەڵک قابیلی قبووڵ نیە، خەڵکی وەدەنگ هێناوە لەئاستێکی فراواندا لەسەر گرانی و دزی و گەندەڵی دەسەڵاتداران، بەڵام ئەم نارەزایەتیانە پەرش و بڵاو لێرەو لەوێیە، لەچەند گەرەکی کرێکاری لەسەر گرانی نەوت کە بە ٧٥٠٠٠ حەفتاو پێنج هەزار دینار دەیفرۆشن بەخەڵک و منەتی ٧٥٠٠٠ هەزاریش دەکەن بەسەر خەڵکدا، لەلایەن خەڵکی گەرەکەوە ڕاونراوون. شیعاری نەوتی ئێوەمان ناوێت ئێوە دزن ئێوە گەندەڵن. دەسەڵاتداران هێزی ئاسایشیان ناردووە لەگەڵ تەنکەری نەوتەکاندا بۆ بێدەنگکردنی خەڵک.

ئەتوانم بڵێم حزوری کرێکاران حزورێکی لاوازە، ئەوەی وای کردووە کرێکاران پەی بەهێزی خۆیان نەبەن نەبوونی هۆشیاری چینایەتی یە لەکوردستاندا، دەنا ئەو هەلومەرجە هێندە سەختە کەڕۆژانە لەکارگەو ناوەندی کارو شوێنی ژیاندا بەسەدان شێوە تەعبیر لەوەزعیەتی خۆیان دەکەن، لە بێکاری و گرانی و دزی و گەندەڵی دەسەڵاتداران، ئەو وەزعە هێندە لەبارە بۆ نارەزایەتی سەرتاسەری و ڕێکخراووبوون.

دیارە لێرەولەوێ لەناو کرێکاراندا نارەزایەتی بووە بۆ زیاکردنی کرێ، نارەزایەتی بووە بۆ پێداویستیەکانیان، بەداخەوە هەموو ئەمانە نەبوونەتە هۆی یەکگرتوویی و ڕێکخراووبوون، بۆیە دەسکەوتێکی بەرچاو نەبووە، ئەگەر دەستکەوتێکیش هەبوو بێت قابیلی لێسەندنەوەو پاشەکشە بووە.

**نوری بەشیر:** تاچەندە بێکاری لە کوردستان یەخەی بەکرێکاران گرتووە، تا چەندە کرێی کەم تاسیری لەسەر کرێکاران داناوەو بۆ خواستەکانیان ڕێکخراوون، بەنەزەری ئێوە کرێکاران تاچەند ئامادەن بۆ پێداگری لەسەر داواکاریەکانیان.

**وەستا حسێن:** بەڵێ بەرلەئێستا بەهۆی دانی سلفە بەهاووڵاتیان کار لەکوردستان زۆربوو ئاماری بێکاری هاتبووە خوارەوە، کاری بینا سازی کە بەشێکی گەورەی کاری کوردستان پێکدێنێ بۆیە کاریگەری لەسەر بازاری کوردستان دانابوو، بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە بازاری کای سستکردووە. جگە لەهۆکارە سیاسیەکە کە بێکاری دروستکردووە نەبوونی کارگەو شەریکاتی گەورە کە هەزاران کرێکار بخاتە سەرکارو لەدەوری یەک کۆیان بکاتەوە تاسیری داناوە، بۆیە بێکاری شتێکی چاوەڕوانکراوو ڕوو لەزیادبوونە لەهەلومەرجێکی وادا، بەتەجروبە دەرکەووتووە ئەگەر جارێکی تر سلفەش بدرێتەوە ناتوانێت چارەسەری بێکاری بکرێت.

هەر ئەوەشە وایکردووە کە شەقامەکانی شار جمەیان بێت لەخەڵکی بێکارو دەروون هێلاک، کەهەمیشە لەبیری ئەوەدان کەئاخۆ کەی بێکاری یەخەیان بەردەدات. فەزای بێکاری شەرایتی کاری بۆ کرێکارانی لەسەرکار سەخت کردووە، شانسی کار بۆ ئەوکەسانەیە کە بەکەمترین کرێ کار دەکەن، بۆیە لەشەرایتێکی ئاوادا فرسەت دەدات بەخاوەن کارو سەرمایەداران تای تەرازوو بەقازانجی ئەوان بشکێتەوە، کە هیچ عەقدێکی کار نانوسرێت و دەبێت کرێکاران ملبدەن بەکەمترین کرێ، هەرکاتێک کرێکار قاچی خستە ئەوودیوو سنورێک کەلەلایەن خاوەن کارەوە بۆی دیاریکراوە، دەتوانێ لەنیوەی کاردا دەریبکات، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکخراوێک یان قانونێک هەبێت بەرگری لێبکات.

دیارە چەندین سەندیکای بەناو کرێکاری هەیە، کە بێکاری تا بەردەرگای ئەوان درێژ بۆتەوە بەڵام لەئاست ئەم دیاریدەیەدا قسەیەکیان لەدەم دەرنایەت.

بەداخەوە کرێکاران لەهیچ شوێنێک ڕێکخراوێکی خۆیان پێکنەهێناوە بۆ بەرگری لەخۆیان لەهەلومەرجێکی وادا، کە هۆکارەکەیم لەسەرەوە باسکرد. دەتوانم بڵێم هەوڵدان بۆ ڕێکخراوبوون لاوازە، لێرەو لەوێ کەسانێک هەن لەناوەندە کرێکاریەکاندا کەقسەدەکەن و ناڕازین، ئەوانە ڕابەرانێکی واقیعی کرێکارانن، بەڵام دەبێ دەستیان بگیرێ پشتیوانیان لێ بکرێ، بۆ ئەوەی ئیعتمادیان بەخۆیان هەبێ و ئەو چوارچێوەیە تێکبشکێنن بێنەدەرەوە، وە گەمارۆی ترسی نان بڕین کەلەسەریانە لەلایەن خاوەنکارو دەسەلاتەوە، نەمێنێ.

بۆ ئێمە کرێکارانی بیناسازی هەلومەرجەکە جیاوازە، نموونەی ١ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ بهێنمەوە کەهەوڵی ڕێکخرابوونماندا، وە بەردەوام لەهەوڵدا دەبین بۆ دەرهێنانی کرێکاران لەو پەرش و بڵاویە، کەخۆشبەختانە لەم مەیدانەدا چەندین هەڵسوراوی بەتەجروبەی هەیە، کە تەجروبەیان لە ڕێکخراووبوون و کار بۆ زیادکردنی کرێ و سندوقی هاوپشتیدا هەیە.

لەکۆتاییدا بڵێم لەپێناو ژیانێکی باشترو دنیایەکی باشتری شیاوی ئینسانیدا بۆ خۆمان و سەرجەم کۆمەڵگا، پێویستمان بەکۆبوونەوە لەدەوری یەکترو خۆڕێکخراووکردن هەیە، بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتیەکانی ئەمڕۆ، واتە کۆمەڵگای کوردستان بۆ نەجاتبوونی لەنەهامەتیەکانی ئەمڕۆی پێویست بەهاتنەمەیدان و یەکگرتوویی ڕیزی خەڵک هەیە، هەر بەوەش دەکرێ خواست و داواکان بسەپێنرێ و بەدەست بهێنرێ.







تەلەفزیۆنی سەنای کوردی دەنگو ڕەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانە، بڵندگۆی ئازادیو یەکسانیە، تریبونێکە بۆ ناساندنی ڕاستیەکانی کوردستانو عێراقو جیهان. ئەم میدیایە لەخزمەتی بەدیهێنانی خواستی مەدەنیو عەلمانیو ژیانێکی باشتری خەڵکی کوردستاندایە.

کاتی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی سەنای کوردی:

ڕۆژانی یەکشەمە سەعات ١١ - ١٢ی شەو بەکاتی کوردستان (٩-١٠ بەکاتی ئەوروپا).

ڕۆژانی دوو شەمە لەسەعات ١١-١٢ی نیوەڕۆو ٥-٦ی ئێوارە بەکاتی کوردستان دووبارە دەبێتەوە.

کەناڵی سەنای کوردی لە گروپی هۆتبێرد لەم شوێنەی خوارەوەدا وەردەگیرێت:

Hotbird 8 :Satellite
Orbital Position: 13 degrees East
Transponder: 14
Downlink Frequency: 11 470
Downlink Polarity: Vertical
FEC: 5/6
Symbol Rate: 27,500

sanatvkurdi@yahoo.com,
tel: 00447760131203